# پشتیوانی له خۆڕاگری جەماوەری خەڵک له "کۆبانی"

ماوەیکی زۆره که خەڵکی ئازا و قارەمانی کۆبانی له کوردوستانی سوریه بەرانبەر به هێرشی بەردەوامی هێزه جەنایەتکارەکانی داعش بۆ سەر ئەم ناوچەیه خۆڕاگری دەکەن. بەڵام له سێ مانگی ڕابردوو بەم لاوه هێزەکانی داعش ئاڵقەی گەمارۆکەیان تەنگتر کردووه و لەم دواییانەدا شاریان خستوەته ژێر هێرشی تۆپخانەی خۆیان. ئێستا دوابەدوای هێرشی بەربڵاوتری هێزەکانی داعش که سەرەڕای ڕێکلامەی فریوکارانەی هێزه ئەمپریالیستییەکان، له پشتیوانی بێ درێخی بەکرێگیراوانی ئەمپریالیسم له ناوچەکەدا بەهرەمەندن، هەواڵنێرییەکان باس له داگیر کردنی زوو به زووی ئەم شاره له لایەن داعشەوه دەکەن. گەرچی سەرچاوەکانی هەواڵی نزیک به خۆڕاگری جەماوەری گەلی کورد لەم شارەدا باس له بەردەوام بوونی خۆڕاگری، تەنانەت به شێوەی (شەڕی نێو شاری) دەکەن. ڕاستیەکەی ئەوەیه که خەلکی قارەمانی کۆبانی به خۆڕاگری دلێرانەی خۆیان بەرانبەر به تێرۆریستانی ڕێکخراو و پشتیوانی کراو له لایەن ئەمپریالیسمی ئامریکا و بەکرێگیراوەکانی له ناوچەکەدا نه تەنیا پێویستی خۆڕاگرییان به ڕوشنی خسته بەرچاوی هەموان، بەڵکو تیشکیان خسته سەر شێوازی سەرەکی ئەم بەرگرییه واته بەرخۆدانی چەکدارنەیان بەرجەسته کردەوه.

به هۆی بۆمب بارانەکانی داعش و ئەگەری چونیان بۆ ناو شار، هەتا ئێستا نزیکەی نود له سەدی دانیشتوانی ئەم شاره ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ هێشتووه. بەڵام هێشتا بەشێک له خەڵک له شاردا ماونەتەوه و بەرگری خۆیان درێژه پێ دەدەن. ڕاستییێکی حاشا هەڵنەگر ئەوەیه که نزیک بوونی کۆبانی له سەر سنووری سوریه و تورکیه و هەروەها پێویستی داعش به سنووری تورکیه به له بەرچاو گرتنی پشتیوانی بێ درێخی دەوڵەتی تورکیه له هێزه جەنایەتکارەکانی داعش جیاواز له هەر تێبینییێکی تر گرینگی داگیر کردنی ئەم ناوچەیه له دەرەجەی یەکەمدایه.

جێگای سرنجه له حاڵێکدا پۆلیسی سەر سنووری تورکیه به گازی فرمیسک ڕێژ و ماشینی ئاو پژێن و دڕندەیی و وەحشیگەری تەواو هێرشی کرده سەر سەدان کوردی ئەو وڵاته، که دەیانهەویست بۆ یارمەتی دانی خەڵکی کۆبانی بەرانبەر به هێرشەکانی داعش پڕۆن بۆ ئەو ناوچەیه، بڵاوەی پێ کردن. ئەحمەد داوود ئۆغڵو سەرۆک وەزیری تورکیه ڕیاکارنه هاوار دەکات: "پێشگری له وه داکات که کوبانی بکەویته ژێر دەسەڵاتی داعشەوه" وه ئەم قسه

فریودەرانە لە کاتێکدا وتراوە کە ڕۆژنامەی "یونگە وێلت" بە پێی ڕاپۆرتی سەرچاوە هەواڵنێرییە خۆجێیەکانی کوردەکانی سوریە نوسیویە کە لە شارەکانی باکوری سوریە و عێراق "تانکەکانی ئەرتەشی تورکیە بە درۆشمی داعشەوە بینراون و دەوڵەتی تورکیە بۆ پەلە کردن لە داگیر کردنی شارەکانی کوردوستان تانکەکانی خۆی لە ئیختیاری داعش داناوە". لە لایێکی دیکەوە هەواڵنێرییەکان ڕاپۆرتی وا بڵاو دەکەنەوە کە "کاتێک فڕۆکە شەرکەرەکانی سوریە جێگە و شوێنەکانی داعشیان لە کۆبانی بۆمباران دەکرد"، دەوڵەتی داگیرکەری ئیسرائیل لە چوار چێوەی پشتیوانی لە گروپە تێرۆریستەکان کە داعشیش دەگرێتەبەر، فڕۆکەیکی شەرکەری سوریە کە خەریکی بۆمبارانی تێرۆریستەکان بو، داخست و هەروەها شایەتی پرێک ڕاپورتین کە دەوڵەتی هەرێمی کوردستان لە پەیوەند کردن و یارمەتی دانی پێشمەرگە و خەڵکی خوبەخش بە خەلکی کوبانی پێشگیریان کردوە، لە حاڵێکدا کە ئەگەر ئەم هێزی بە پێی خەتی سیاسی ئامریکا هەڵنەسورایە، ئەبوایە بە پەلە پرۆیشتای بۆ هانا و یارمەتی خەڵکی کورد لە کۆبانی.

ئەمانە هەمو ئەوەمان پێ نیشان دەدەن کە لە چوارچیوەی بازنەی سیاسەتەکانی ئەمپریالیسمی ئامریکا لە ناوچەکەدا هەموو لایەنەکان دەستیان داوەتە دەستی یەک هەتا دێوەزمەی داعش تا ئەو جێگایە کە دەکرێت گەورە و گەورەتر ببێتەوە، چون ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕێگا بە هێزە ئەمپریالیستەکان و لە سەروی هەمویاندا ئەمپریالیسمی ئامریکا دەدات تا ڕاحەت تر بتوانن بە بیانوی لە ناوبردنی ئەم دێوەزمە دەسکردەی خۆیان، سیاسەتە دەستدرێژی و داگیرکارانەکانی بباتە پێش و ناوچەکە بکاتە نوقمی ئاگر. ڕوون و ئاشکرایە یەکەمین ئاکامی چونە پێشەوەی وەها ڕەوتێک، پر کردنی گیرفانی دەوڵەتی ئامریکا و خالی بوونی هەرچی زۆرتری گیرفانی کرێکاران و بە تاڵان بردنی دەسڕەنجی جەماوەری ستەم لێکراوی ناوچەکەیە.

جیاواز لەوەی کە ڕەوتی تێکهەڵچونەکان و شەری کۆبانی بەرەو چ عاقارێک پروات و خۆڕاگری جەماوەری خەڵک "کە ژنان تێدا دەورێکی یەکجار گەورەیان هەیە" بە چ شێوازێک درێژەی هەبێت، ڕاستیەکەی ئەوەیە کە خۆڕاگری خەڵکی کۆبانی لە بەرانبەر هێرشی تێرۆریستەکانی داعش دا کە تەنیا ئامرازێکن بە دەستی ئامریکاوە بۆ بردنە پێشەوەی سیاسەتە داگیرکارانەکانی، نمونەیکی ڕوونە لە خۆڕاگرییک کە هەموو خەڵکی ناوچەکە دەبێت لە بەرانبەر دەستدرێژییەکانی ئەمپریالیسم دا پەیرەوی بکەن و بە کردەوەی دەر بێنن. گەلانی ناوچە دەبێت دەرس لە ئەزموونی خۆڕاگری خەڵکی کۆبانی وەربگرن و لەوەی کە بە بێ رێکخراو و خۆڕاگری چەکدارانە و بە بێ ڕێبەرایەتییێکی شۆڕشگێر ناتوانن بە سەر

پیلانەکان و هێرشەکانی دوژمنانی داگیرکەر لە هەر جل و بەرگێکدا کە بن، سەرکەوون و ئەبێ هەرچی خێراتر بۆ ئەم مەبەستە هەنگاو هەڵبگرن.

**بژی گەلی خەباتکاری کورد کە بۆ ئازادی شەر دەکات!**

**مەرگ و نەمان بۆ ئەمپریالیسم و بەکرێگیراوە ڕەنگاورەنگەکانی!**

**چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران**

**یازدەهەمی مانگی ڕەزبەری ١٣٩٣ی هەتاوی_ ٣ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤**